# ڕادەی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بە مۆبایلی زیرەك لە بەکارهێنانیان بۆ فۆرمەکانی میدیای نوێ (توێژینەوەیەکی رووپێویە)

**پ.ی.د. عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا**

[1]بەشی تەکنیکی میدیا/ کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/ زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر - هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشکراکردنی ئاستی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بە ئامرازەکانی میدیای نوێ لە ژیانی رۆژانەیاندا بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن بە ناوەرۆك و فۆرمەکانی میدیای نوێ و ریزبەندکرنی بەکارهێنانەکانی بۆ فۆرمەکانیمیدیای نوێ، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکان هەژماردەکرێت، تیایدا میتۆدی رووپێویی بەکارهاتووە و پشت بە ئامرازی فۆرمی راپرسی بەستراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کە بەشێوەی ئەلیکترۆنی لە رێگەی گووگڵ فۆرمەوە دروستکراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی هەردوو تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەکانی میدیا و دەوڵەمەندیی ئامرازەکانی میدیادادا جێبەجێکراوە، بەوپێیەی ئەوەی یەکەم جەخت لە بایەخی فاکتەری ئامانج دەکاتەوە لە پرۆسەی پشتبەستن بە میدیا، هەرچی تیۆری دووەمە زیاتر سەرنجی خستۆتە سەر فاکتەری هەمەچەشنی ناوەڕۆك بۆ دیاریکردنی ڕادەی دەوڵەمەندیی ئامرازەکانی پەیوەندییکردن، ئەم دوو رەهەندەش بە وردی لە بڕگەکانی فۆڕمی راپرسییدا رەنگیداوەتەوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە گەنجانی شاری هەولێر، نموونەی توێژینەوەش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراون و فۆڕمە ئەلیکترۆنییەکەیان لە شێوەی بۆ نێردراوە. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتییە لەوەی زۆرینەی گەنجانی شاری هەولێر مۆبایلی زیرەك بەکاردێن بۆ پەیوەندییکردن بە کەسانی دیکە و دەستخستنی هەواڵ و زانیاری.

کلیلە وشەکان: مۆبایلی زیرەك، پشتبەستن، میدیای نوێ، گەنج.

## پێشەکی

لە پەرەسەندنە مەزنەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیای زانیارییدا، گۆڕانکارییەکان هێند خێران، ناتوانرێ پێشبینی و وێنایەکی روون هەبێت سەبارەت بە ئایندەی ئەو پەرەسەندنانە، تەنانەت ئەو ئامێر و ئامرازانەی لە چوارچێوەی تەکنەلۆژیای زانیاریی و پەیوەندییکردنیشدا، لە سەرەتادا بۆ ئەرك و مەبەستێکی سنووردار و دیاریکراو بە کات و شوێنێکی دیاریکراو دروستکراون، بەڵام دواتر بۆ رۆڵ و ئەرکی دیکەش بەکارهاتوون، وەکو وێب دوو و تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك و هتد.

لە داهێنانی مۆبایلیشدا دەکرێ لە هەمان گۆشەنیگاوە سەیری بکرێت، سەرنجی سەرەکی لە داهێنانی مۆبایل بریتی بوو لە ئاسانکردنی پەیوەندیی نێوان خەڵك و کورتکردنەوەی ماوە و کات و کۆشش، بەڵام دواتر ئەو پێشکەوتنەی لە میانەی نەوە جیاجیاکانی مۆبایلدا هاتە ئاراوە وایکرد، بابەتی پەیوەندییکردن ببێتە تەنها یەك ئەرك لە نێو کۆمەڵێك رۆڵ و ئەرکی دیکەدا کە مۆبایل دەیبینێت، رەنگە گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەی مۆبایلی زیرەك هەیەتی بۆ ئەوەی هەموو ئەو رۆڵانە ببینێت ئەوەیە تەواوی ئامراز و فۆڕمە جیاوازەکانی میدیای نوێی لە خۆگرتووە، بە جۆرێك مۆبایلێك بەسترابێتەوە بە ئینتەرنێت رێگەی گەیشتنت ئاسان دەکات بۆ ناوەرۆکی میدیای نوێ، لە پاڵ بە جێگەیاندنی کۆمەڵێك کار و چالاکی وەکو خوێندن و بازاڕکردن و بازرگانی و هتد.

لێرەشەوە توێژەر هەستی بە گرنگی ئەو بابەتە کرد و دەیەوێت لە رێگەی ئەم توێژینەوەیە ئاستی پشتبەستن و بەکارهێنانەکانی گەنجانی شاری هەولێر بۆ مۆبایل دەربخات.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم تایبەتە بە چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە، بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە و خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو، بەشی سێیەم لە دوو تەوەری جیادا میدیای نوێ و مۆبایل دەناسێنێت، لە دوا بەشیشدا، لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و گرنگترین دەرئەنجام خراونەتەڕوو.

### 1. چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە:

#### کێشەی توێژینەوەکە:

تەکنەلۆژیا بۆتە لایەنێکی پڕ بایەخی سەردەمی جیهانگەرایی، بەرادەیەك بوارێکی ژیانی رۆژانەی مرۆڤ نادۆزیتەوە کە تەکنەلۆژیا رۆڵی تێدا نەبێت، زاراوەی (گوندی


حقوق الطبع والنشر © 2024. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

جیهانی)ی مارشاڵ ماكلۆهان ئاماژەیەكە بۆ كاریگەری میدیا لە سەدەی بیستدا و ئێستا زیاتر دەگونجێت لەگەڵ سەردەمی داهێنانە تەكنەلۆژییەكاندا.

"ئەوەی لە ئامارەكان تێبینی دەكرێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و جیهانیشدا، تاكەكانی كۆمەڵگە و لە نێویشیاندا گەنجان بە تایبەتی لە هەموو توێژێكی دیكەی كۆمەڵگە زیاتر ئامادەییان تێدایە بۆ بەكارهێنانی ئامراز و شێوە جیاجیاكانی میدیای نوێ لە نێویشیاندا مۆبایلی زیرەك" (Drah, 2022)، بۆیە كێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەو ناڕوونی و تەمومژەی هەیە لە ڕادەی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بە مۆبایلی زیرەك لە بەكارهێنیان بۆ ناوەڕۆك و فۆرمەكانی میدیای نوێ بۆ بەدیهێنانی بەشێك لە ئامانج و پێویستییە جۆراوجۆرەكانی ژیانیان. بەوپێیەی مۆبایلی زیرەك كاریگەریی دروستكردوە لەسەر زۆرێك لە پەیوەندیی و چالاكییە كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مەعریفییەكان، بۆیە پێویستە لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستییەوە هەوڵی زانینی ئاست و شێوازی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بدەین لە بەكارهێنانی مۆبایلی زیرەكدا.

**گرنگی توێژینەوەكە:**

دەكرێت گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە بخەینەڕوو:

1. توێژینەوەكان زۆر كەمن سەبارەت بە پێوانەكردنی ڕادەی پشتبەستنی تاكەكانی كۆمەڵگە بە مۆبایلی زیرەك، لەو ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكی زانستییە بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەلێنە.

2. دەرخستنی ئاستی پشتبەستنی گەنجان بە مۆبایل و بە شێوەكانی میدیای نوێ لە بوارە جیاجیاكاندا، یارمەتیدەرە بۆ پێشبینیكردن و تێگەیشتنی سرووشت و قەبارەی ئەو كاریگەرییەی ئامراز و شێوە جیاجیاكانی میدیای نوێ دروستی دەكەن.

2. ئەم جۆرە توێژینەوانە بەرچاو ڕوونی دەدەن لەبارەی ئاستی خۆگونجاندنی گەنجان لەگەڵ پێشكەوتنە تەكنەلۆژییەكاندا.

3. دەكرێت لە دەرەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە سوود ببینرێت بۆ ئاڕاستەكردنی گەنج لە باشتر بەكارهێنانی مۆبایلی زیرەك بۆ دەستڕاگەیشتن بە فۆرم و ناوەڕۆكی میدیای نوێ.

**ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانە خۆی دەبینێتەوە:-

1. ئاشكراكردنی ئاستی پشتبەستنی گەنجانی شاری هەولێر بە مۆبایلی زیرەك لە بەكارهێنانیان بۆ ناوەڕۆك و فۆرمەكانی میدیای نوێ.

2. دیاریكردنی ئەو ئامانجانەی گەنجانی شاری هەولێر لە پێناویدا پشت بە مۆبایلی زیرەك دەبەستن.

3. دیاریكردنی گرنگترین ئەو فۆرمانەی یمیدیای نوێ لە ڕێگەی مۆبایلەوە بەكاردەهێنرێن لەلایەن گەنجانی شاری هەولێرەوە.

**جۆر و میتۆدیی توێژینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەكانە، تێیدا میتۆدیی ڕووپێویی بەكارهاتووە، لە ڕێگەی پشتبەستن بە فۆڕمی ڕاپرسی كە بەشێوەی ئەلیكترۆنی لە ڕێگەی لینكەوە بۆ ئەو گەنجانە نێردراوە بە شێوەی هەڕەمەكی كە تەمەنیان لە نێوان (18 بۆ 35) ساڵدایە و وەڵامی پرسیارەكانی نێو فۆڕمەكەیان داوەتەوە، ژمارەی ئەوانەی وەڵامییان داوەتەوە گەیشتە (750) گەنج، ئەمەش ژمارەیەكی گونجاو و پەسەندە لە توێژینەوە چەندایەتییەكاندا.

**كۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەكە:**

كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتییە لە سەرجەم گەنجانی شاری هەولێر، نموونەی توێژینەوەكەش بە شێوەیەكی هەڕەمەكی چینایەتی وەرگیراوە لەو گەنجانەی تەمەنیان لە نێوان (18 بۆ 35) ساڵدایە، جگە لەوەش هەوڵدراوە لە پیشەی جیاواز نموونەی جیاواز وەربگیرێت بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی تەواوی كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بكەن، لینكی فۆڕمە ئەلیكترۆنییەكە ڕاستەوخۆ بۆیان نێردراوە یان لە هەندێك گرووپ دانراوە و داوا لەوانە كراوە كە لە ڕووی تەمەنەوە توێژینەوەكە دەیانگرێتەوە فۆڕمەكە پڕبكەنەوە.

**سنووری توێژینەوەكە:**

- سنووری مرۆیی: سنووری ئەم توێژینەوەیە سەرجەم گەنجانی شاری هەولێر دەگرێتەوە.
- سنووری كات: ئەم توێژینەوەیە لە 1-9-2023 بۆ 1-12-2023 ئەنجامدراوە.
- سنووری شوێن: كۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەكە پەیوەستە بە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستان.

**پێناسەی زاراوەكان:**

- میدیای نوێ: میدیای نوێ بریتییە لەو تەكنەلۆژیایانەی پەیوەندییكردن، كە لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی نێوان كۆمپیوتەر و ئامرازە كلاسیكییەكانی ڕاگەیاندن وەكو چاپەمەنی و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی و دەنگ و ڤیدیۆ پەیدا بووە. (ئیبراهیم ، 2014 ، 44)

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ئامرازەكانی میدیای نوێ سەرجەم ئەم ئامێر و ئامرازانەن لەسەر بنەمای تەكنەلۆژیای ژمارەیی كار دەكەن وەكو كۆمپیوتەر و مۆبایل و هتد، شێوەكانی میدیای نوێش خۆی لە پێگەی ئەلیكترۆنی، تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، بلۆگ، ویكی و بەرنامەكانی چاتكردن و هتد دەبینێتەوە.

- ڕادەی بەكارهێنان و پشتبەستن بە میدیای نوێ: بریتییە لە تێكڕای ئەو نمرانەی كە ئەندامانی سامپڵی توێژینەوەكە بەدەستی دەهێنن، دوای وەڵامدانەوەیان لەسەر بڕگەكانی ئەو پێوانەیەی كە لەم توێژینەوەدا بەكاردەهێنرێت بۆ پێوانەكردنی ڕادەی بەكارهێنان و پشتبەستنی گەنجان بە میدیای نوێ.

**2. چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەكە و توێژینەوەكانی پێشوو**

**یەكەم: تیۆری بەكارهاتوو لە توێژینەوەكە**

**1- تیۆری پشتبەستن بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن**

ئەم تیۆرە لە حەفتاكانی سەدەی بیستەم لەسەر بنەمای بوونی پەیوەندییەكی بەهێزی نێوان جەماوەر و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و سیستەمی كۆمەڵایەتی سەریهەڵدا. ئەم تیۆرە لەسەر ئەوە بوونیادنراوە كە جەماوەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هێنانەدی پێداویستییەكانی و یارمەتیدانی لە جێبەجێكردنی ئەو پێداویستیانەدا پشت بە ئامرازەكانی ڕاگەیاندن دەبەستێت، ئەمەش ئەو پەیوەندییە بەهێزەمان بۆ دەردەخات كە ئەم تیۆرە بە تیۆری بەكارهێنان و تێركردن گرێ دەدات. "دی فلور روكیتش"

یەکەم کەس بوو کە ئەم نموونەی لەساڵی 1976 دانا و پاشان لە سالی 1989 زیاتر پەرەیان پێدا.(عبدالحمید ، 2004 :ل298)

گرنگترین بیرۆکەش لەم نموونەیەدا ئەوەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان بە شێوەیەکی زیاتر پشت بەو زانیارییانە دەبەستن کە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەمەش بە بەخشینی زانیاری و ئاڕاستەکردنیان بۆ ئەو شتانەی کە لە کۆمەڵگەکانیان ڕوودەدات. جۆر و ئاستی ئەو پشتبەستنەش لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی ڕاوەستاوە، کە ئەوانیش (مکاوی ، السید ،2006:ل321):

1. پلەی گۆڕانکاری یان ململانێ، یاخود نائارامی کە کۆمەلگە بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

2. پلەی بایەخی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەکو سەرچاوەیەکی زانیاری کۆمەڵگە.

گریمانەکانی تیۆری پشتبەستنیش بریتیین لە (حجاب ، 2010 :ل302-303):

1. جیاوازی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەپێی ئاستی سەقامگیریی ئەو سیستەمەیە لە کۆمەلگەدا، کە لەوانەیە جێگیر و چەسپاو بێ یان لاواز بێت و هەمیشە لە گۆڕانکاریدا بێت. هەروەها لەوانەیە سیستەمی کۆمەڵایەتی لە حاڵەتی دارمانی تەواودابێت. هەرچەندە گۆڕانکارییەکان و تەنگژەکان لە کۆمەڵگەدا زیاتر بن، ئەوەندە خەڵك پێویستی بە زانیاری و ئاڕاستەکردن و دووپاتکردنەوەی بەهاکان زیاتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی وروژاندنی زیاتری پێویستییەکان بۆ زانیاری و گەڕان بەدوایاندا، لەم هەلومەرجانەدا جەماوەر زیاتر پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەو کۆمەڵگەیەدا پێشکەشیان دەکات.

2. لەوانەیە سیستەمی ڕاگەیاندن توانای وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەبێ یان نەبێ، چەندەش ڕاگەیاندن ئەو توانایەی هەبێت ئەوا بایەخی لە کۆمەڵگە زیاتر دەبێ و پشتبەستنی جەماوەر بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن زیاتر دەکات.

3. جەماوەر لە ڕووی پشتبەستنی بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە یەکتر جیاوازن، جەماوەری سەرکردەکانی ڕا پێویستیان بە سەرچاوەی دیکەی ڕاگەیاندن هەیە، جگە لە ئامرازە ڕاگەیاندنە باوەکان. هەروەها لەوانەیە ئەمە لای توێژی دیکەش لە جەماوەر بەپێی هەلومەرج و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕووبدات.

لەم توێژینەوەیەدا سەرنج خراوەتەسەر ئەو ئامناجانەی گەنج هەیەتی بۆ پشتبەستن بە مۆبایلی زیرەك، هەروەها ناوەڕۆکی گریمانەی دووەم بۆ دەرخستنی رادەی کارایی مۆبایلی زیرەك لە وەڵامدانەوەی پێویستی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی تاکدا، هەوڵدراوە ئەم لایەنە لە بڕگەکانی فۆرمی راپرسییدا بە هەندوەربگیرێت، ئەمانەش لە پرسیارەکانی (5، 6، 7 و 8) رەنگیداوەتەوە.

## 2- تیۆری دەوڵەمەندی میدیا (Media Richness Theory)

تیۆری دەوڵەمەندی میدیا، هەندێک جار بە تیۆری دەوڵەمەندی زانیاری ناودەبرێت، چوارچێوەیەکە بۆ وەسفکردنی ئامرازەکانی پەیوەندییکردن بەپێی توانایان لە بەرهەمهێنانی ئەو زانیاریانەی لەڕێگەیانەوە دەگوازرێتەوە. ئەم تیۆرە لەلایەن ڕیچارد ئێڵ دافت و ڕۆبەرت ئێچ لێنگڵەوە پەرەی پێدراوە، بۆ پۆلێنکردن و هەڵسەنگاندنی هەندێک ئامرازی پەیوەندییکردن وەک پەیوەندیی تەلەفۆنی و ڤیدیۆ کۆنفڕانس و ئیمەیڵ بەکارهێنراوە. بۆ نموونە پەیوەندیی تەلەفۆنی ناتوانێت ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان بگوازێتەوە، بۆیە ئامرازێکی کەمتر دەوڵەمەندە بۆ پەیوەندییکردن بە بەراورد بە ڤیدیۆ کۆنفڕانس، کە تا ڕادەیەک ڕێگە بە بەکارهێنەرانی دەدات ئاماژە بگوازنەوە. ڕیچارد دافت و ڕۆبەرت لێنگێل لە ساڵی ١٩٨٤ تیۆری دەوڵەمەندی میدیایان ناساند، بە پلەی یەکەم بۆ وەسفکردن و هەڵسەنگاندنی ئامرازەکانی پەیوەندییکردن لەناو ڕێکخراوەکاندا پەرەی پێدراوە. لە بنەڕەتدا پشتی بە تیۆری "چارەسەرکردنی زانیاری" و چۆنیەتی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەناو ڕێکخراوەکاندا بەستبوو. **(Frenzel 2017, pp 8,9)**

تیۆری دەوڵەمەندی میدیا ئامانجی زاڵبوونە بەسەر ئەو ئاڵنگاریانەی پەیوەندییکردن کە ڕووبەڕووی وەرگر دەبنەوە، وەک پەیامی ناڕوون یان پەیامەکان کە لێکدانەوە دژبەیەکەکانیان هەیە. تیۆری دەوڵەمەندی میدیا لە سەرەتای ناساندنیەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە. تیۆریستەکان چەندین بابەتی گرنگ و تازەیان لەسەر ئەم تیۆرە خستۆتەڕوو، لەوانە لێکۆڵینەوەیەک بوو لەسەر وەسفکردنی دەوڵەمەندی میدیا و توانای هەڵبژاردنی گونجاو بۆ ئامرازەکانی میدیا وەک کارامەییەکی کرداری. لە ناوەڕاستی هەشتاکان تاقیکردنەوەی زیاتر لەلایان توێژەرانی بواری پەیوەندییکردن کرا بە مەبەستی پەرەپێدانی تیۆرەکە، لەم دواییانەشدا تیۆری دەوڵەمەندی میدیا گونجێنراوە بۆ ئەوەی شێوازە نوێیەکانی پەیوەندی میدیایی وەک ڤیدیۆ و وێب کۆنفرانسی پێشکەوتوو لەخۆبگرێت. **(Ishii , 2019, p124)**

ئەم تیۆرە دوو گریمانەی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە لەم توێژینەوەیەدا بە پلەی یەکەم سەرنج خراوەتە سەر گریمانەی یەکەم، بەوپێیەی لەگەڵ ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە یەکدەگرنەوە **(Dennis & Kinney,1998,p261)** :

گریمانەی یەکەم:

میدیا و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان خاوەنی بڕێکی زۆر لە داتا و زانیارین، ئەمە جگە لە هەمەچەشنی ناوەڕۆک کە لە ڕێگەی ئەوانەوە پێشکەش دەکرێن، بۆیە ئەم ئامرازانە دەتوانن بەسەر ئەو ناڕوونی و گومانەدا زاڵ بن کە زۆرێک لە تاکەکان لە کاتی بەرکەوتنیاندا تووشی دەبن.

گریمانەی دووەم:

چوار پێوەری بنەڕەتی هەیە بۆ ڕیزبەندیکردنی دەوڵەمەندی دەزگایەکی ڕاگەیاندن، کە لە بەرزترینەوە بۆ نزمترین لە ڕووی پلەی دەوڵەمەندی میدیاوە ڕیزبەندی دەکرێن:

1. خێرایی کاردانەوە.

2. توانای گواستنەوەی هێما و ئاماژەی جۆراوجۆر بە بەکارهێنانی تەکنیکە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکان وەک: مەلتیمیدیا.

3. پەیام و ناوەڕۆکی ئامرازەکان بەگوێرەی گرنگیپێدانی کەسی دەگوازرێنەوە.

4. وە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و ڕوون.

لە لایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پێوانەی دەوڵەمەندیی مۆبایلی زیرەك بکرێ لەڕێگەی پرسیارەکانی (7، 8، 12، 13، 17 و 18)

## دووەم: دەروازەیەك بۆ ناساندنی میدیای نوێ

### 1- چەمك و پێناسەی میدیای نوێ

سەرەتای سەرهەڵدانی وشەی میدیای نوێ دەگەڕێتەوە چارەگی کۆتایی سەدەی بیست بە تایبەتی بۆ سالانی هەشتاکان وەکو ئاماژەیەك بۆ دەستپێکردنی قۆناغی پۆست پیشەسازی و چەرخی زانیاری و پەیوەندییکردن، کە گوزارشت بوو لە گۆڕانێکی سۆسیۆ-ئابووری بە پشتبەستن بە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بە

جۆرێك میدیای نوێ بوو بە هێزێك بۆ بنیاتنانی پەیوەندییە كەلتووری و كۆمەڵایەتییەكان لە فۆرمە نوێیەدا. (pasadeos,2010,289).

لە سەرچاوە زانستییەكاندا میدیای نوێ چەندین ناوی جیاوازی بۆ بەكاردەهێنرێ لەوانە (digital media) و (online media) و (interactive media) و (cyber media) و چەندین ناوی دیكە، كە زیاتر ڕەهەندە تەكنەلۆژی و كارلێككردنەكە بەرجەستە دەكات.(حسونە ، 2014). كۆلێژی شریدانی تەكنەلۆژی ( Sheridan ) پێناسەیەكی پراكتیكی بۆ میدیای نوێ دادەنێت بەوەی "هەموو جۆرە ڕاگەیاندنێكی ژمارەیی كە بەشێوەی ژمارەیی و كارلێككردن پێشكەش دەكرێت، ئەمجۆرە میدیایە پشت بە تێكەڵكردنی دەقە نووسراو، وێنە، ڤیدیۆ و دەنگ لەجەستەی یەك بابەتی ڕۆژنامەوانیدا دەبەستێت، جگە لە بەكارهێنانی كۆمپیوتەر وەكو ئامێرێكی سەرەكی لەكرداری بەرهەمهێنان و پێشكەشكردن. (صادق، 2006، 5).

میدیای نوێ زادەی ئەو پێشكەوتنە خێرا و مێژووییە بوو كە لەگەڵ دەركەوتنی ئینتەرنێت هاتە ئاراوە، بیرۆكەی دروستكردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستی سەدەی بیستەم، كاتێك وەزارەتی بەرگری ئەمریكا پێشبینی هێرشێكی ناوەكی كرد كە ببێتە هۆی پچڕانی تۆڕی پەیوەندییەكان، بۆیە كۆمەڵێك توێژەریان ڕاسپارد بۆ چۆنیەتی خۆئامادەكردن بۆ ئەگەرێكی لەم چەشنە. ئەوە بوو دوای لێكۆڵینەوەی ورد پێشنیازی ئەوە كرا تۆڕێكی پەیوەندییكردن (Network) دابمەزرێت، كە یەك ناوەندی سەرەكی كۆنترۆڵكردنی نەبێت، بۆ ئەوەی ئەگەر یەكێك لەو ناوەندانەش یان زیاتر تێكبچێت، ئەوا سیستەمەكە بەردەوام بێت لە كاركردن. ئەم پڕۆژەیە لە سەرەتادا تەنها لە چوارچێوەی وەزارەتی بەرگری بەكارهێنرا، دواتر و بە تێپەڕبوونی بە چەند قۆناغێكی گەشەسەندن سەری كێشا بۆ ئەوەی ئێستا بە ئینتەرنێت (Internet) دەناسرێت، كە كورتكراوەی (International Network)ە. (شقرە،48،2014).

### ئامرازەكانی میدیای نوێ

مەبەست لە ئامرازەكان ئەو ڕێگایانەی پەیوەندییكردنن لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی تەكنەلۆژیای پەیوەندییكردنی وەكو كۆمپیوتەر، مۆبایلی زیرەك، تۆڕەكان، ڕەگەز و ژانرەكانی میدیای نوێ. ئامرازەكانی میدیای نوێ فرەچەشن و هەمەجۆرن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونێكی بەردەوامدان. (مەحمود, 2015 :ل22-23)، دیارترین ئەو ئامرازانەش ئەمانەن:-

1- بلۆگ: لاپەڕەیەكی كەسییە بۆ بڵاوكردنەوەی زانیاری و ڕا و بابەتی زانستی بەكاردەهێنرێت. لەبنەڕەتدا كورتكراوەی هەردوو وشەی (web) و (log)ە (الزرن ،2007). یەكەم كەس بلۆگی بەكارهێنا ( Journ Barger) بوو لە دیسێمبەری 1997، كاتێك لە وێبسایتەكەی خۆی لیستێكی ئەو لینكانەی ئینتەرنێتی بڵاوكردەوە كە بەكاری دەهێنێت. لەوكاتەوە بلۆگ لە گەشەسەندنێكی خێرادایە و لەسەر ئاستە جیاوازەكان لە هەموو بوارە جیاجیاكاندا بەكاردەهێنرێ. ( Watt , (Allan,2013,p124

2- ویكی (wiki): وێبسایتێكی كراوەیە، هەموو كەسێك دەتوانێت ناوەڕۆكەكەی ببینێت و لەبەری بگرێتەوە و دەستكاریشی بكات. هەموو جۆرە زانیاری و بابەتی هەمەچەشنی تێدا بڵاودەكرێتەوە و وەكو فەرهەنگێكی كراوە سەیر دەكرێت. (Jiravindra,2014,p4).

3- پۆدكاست (podcast): لە هەردوو وشەی (broadcast) و (ipod)ەوە هاتووە، كە بریتییە لە خزمەتگوزاریەك بۆ دەستخستنی فایلی دەنگی یان ڤیدیۆیی. ئەم خزمەتگوزاریەش لە هەندێك وێبسایتی ئینتەرنێت دەستەبەركراوە.

4- یانە (منتدى - Forum): ئەو وێبسایتانەن كە ئەندامەكانی گرنگیپێدان و ئارەزوو یاخود پسپۆڕی هاوبەش كۆیاندەكاتەوە و ئەو ناوەڕۆكانە بڵاودەكەنەوە، كە خواستی هاوبەشی لەسەرە و كۆمەڵێك مەرج دادەنرێت بۆ ئەندامبوون لەو یانانە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی تەنها بەخۆ تۆماركردن دەتوانرێت لە زۆرێك لەو یانانە ببیتە ئەندام. (مەحمود ، 2014 :ل25).

5- تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان: بەرەوپێشچوونی ئەمدواییەی ئینتەرنێت وایكردووە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەشێوەیەكی لە خەیاڵبەدەر فراوان بن. لە ڕێگەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانەوە خەڵكی دەبن بە ئەندام و لاپەڕەی تایبەت بەخۆیان دروست دەكەن بە ناوی خۆیان و وێنەی خۆیانەوە. بۆ نموونە تۆ دەتوانیت لاپەڕەی تایبەتی كەسانی دیكە ببینیت كە دەیانناسیت و بیانكەیت بە هاوڕێی خۆت. یان دەتوانیت هەر لە ماڵپەرەكەدا بە دوای ناوی كەسانی تردا بگەڕێیت و دواتر بیانخەیتە نێو لیستی هاوڕێیانتەوە. بەكردنی ئەمە تۆ دەتوانی تۆڕێك دروست بكەیت لەو كەسانەی كە دەتوانیت بە ئاسانی پەیوەندییان پێوە بكەیت. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی دروستكردنی پەیوەندیت لەگەڵ كەسانی نوێش هەیە. هەندێك نموونەی ئەو ماڵپەرانە بریتین لە فەیسبووك، مای سپەیس، تویتەر و یوتیوب. (سلیم، 2016 :ل 32) كە لێرەدا بە كورتی پێناسەی هەریەكەیان دەكەین.

6- یوتیوب: كەمێك لە ماڵپەڕە كۆمەڵایەتییەكانی تر جیاوازە بەوەی بریتییە لە ماڵپەڕێكی هاوبەشی ڤیدیۆیی و بەخۆڕاییشە، لە كاتێكدا لە (فەیسبووك) و (مای سپەیس)دا زیاتر ئاڵوگۆڕ لە نێوان كەسەكاندا هەیە. یوتیوب لە ساڵی (2005) لەلایەن (جاد هێرلی) و (ستیڤ چێن) و (جاوید كەریم)ەوە دانراوە. یوتیوب لەوەدا لە (مای سپەیس) دەچێت كە تێكڕای ئەو تەمەنەی كە بەكاریدەهێنن بریتییە لە ( 16) ساڵی. لێكچوونێكی تری نێوان (یوتیوب) و (مای سپەیس) بریتییە لە قازانجەكەی. لە ساڵی (2006)دا یوتیوب لەلایەن كۆمپانیای گوگڵەوە بە بڕی (1،65) ملیار دۆلار كڕدرایەوە.

7- فەیسبووك: فەیسبووك كەمێك جیاوازترە لە مای سپەیس و یوتیوب، بەوەی فەیسبووك لە بنەڕەتەوە بۆ گەنجانی كۆلێژ و زانكۆ دانرابوو (مارك زوكەربێرگ) دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گشتی فەیسبووك، داهاتی ساڵانەی بە (50) ملیۆن دۆلار دەخەمڵێنرێت. (الفیصل، 2014 ، 79)

### توێژینەوەكانی پێشوو

– ماستەرنامەی بشائر ابراهیم (2019) بە ناونیشانی (ڕادەی بەكارهێنانی مۆبایل لەلایەن قوتابیانی زانكۆ تایبەتەكانی ئوردن لە پرۆسەی خوێندندا)

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە زانینی ڕادەی بەکارهێنانی قوتابیانی زانکۆ تایبەتەکانی ئوردنە بۆ مۆبایلی زیرەك لە پرۆسەی خوێندندا، توێژینەوەکە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی سەرجەم زانکۆ تایبەتەکانی ئوردن و (750) قوتابی وەکو نموونە لەو زانکۆیانە وەرگرتووە بۆ ساڵی خوێندنی (2018-2019).
گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە ئەوەیە قوتابیانی زانکۆ تایبەتەکان لە ئوردن بە ڕادەیەکی زۆر مۆبایلی زیرەك بەکاردێنن لە پرۆسەی خوێندندا.

خاڵی لەیەکچووی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ماستەرنامەکە لە گۆڕاوی یەکەمە، کە تایبەتە بەکارهێنانی مۆبایل و لە جۆر و میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدایە، ئەمەش وایکردوە سوودی بۆ ئەم توێژنەوەیە هەبێت.

– ماستەرنامەی میادة مبارکی (2019) بە ناونیشانی (بەکارهێنانەکانی قوتابیانی زانکۆ بۆ مۆبایل و کاریگەریی لەسەر ئاستی زانستیاندا)

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئاستی بەکارهێنانی قوتابیانی زانکۆ بۆ مۆبایلی زیرەك و کاریگەریی لەسەر ئاستی خوێندنیان، توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە.
کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە قوتابیانی زانکۆکانی جەزائیر و نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە قوتابیانی میدیا، گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی پێیگەیشتووە بریتییە لەوەی گەنجانی میدیا بە ڕادەیەکی زۆر مۆبایلی زیرەك بەکاردەهێنن و ئەم بەکارهێنانەش کاریگەریی هەبووە لەسەر زیادکردنی ئاستی کارلێك و بەشداریی گەنجان لە وانەکاندا.
خاڵی لەیەکچووی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ماستەرنامەی مبارکی لە گۆڕاوە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە و میتۆد و کۆمەڵگەی توێژینەوە و بەشێك لە ئامانج و پرسیارەکاندایە.

2- چەمك و تایبەتمەندیی مۆبایلی زیرەك

a.پێناسە و سەرهەڵدانی مێژوویی مۆبایلی زیرەك

مۆبایل ئامرازێکی پەیوەندییکردنی بێتەلە لە چوارچێوەی تۆڕێکی بەرفراوانی تاوەری پەخشکردن کار دەکات بۆ دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری پەیوەندییکردن لە ناوچەیەکی دیاریکراو، دواتر لە ڕێگەی ژمارەیەك هێڵی جێگیر یان مانگە دەستکردەکانەوە بە یەك دەبەستڕێنەوە. **(HunukumbureK & Others, 2022, P.23)**، ئەو پێشکەوتنە خێرا و مەزنەی ئامێری مۆبایل بەخۆیەوەی بینی، وایکردووە تەنها وەکو ئامرازێکی پەیوەندییکردنی دەنگی نەمێنێتەوە، بەڵکو بۆتە ناوەندێکی کارا بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی و بلاوکردنەوەی ڕا و بۆچوون، ئەمەش بایەخی مۆبایلی هێندەی دیکە زیاتر کرد، بە تایبەتی دوای ئەوەی کێبڕکێی توندی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانی مۆبایل بووە هۆی دابەزینی نرخەکەی، کە ڕێگەی خۆشکرد ژمارەیەکی بەرفراوانی خەڵك لە سەرتاسەری جیهان ببنە خاوەن و بەکارهێنەری ئەو ئامێرە، تا وایلێهات جێگەی ئامێرە جێگیرەکانی پەیوەندییکردنی گرتەوە. (رضوان، 2016، ص.93).
لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە بەریتانیا و ژاپۆن یەکەم مۆبایل سەریهەڵدا کە دەرفەتی جووڵەکردن و پەیوەندییکردن بە هەڵگرەکەی دەدا، پێش ئەو بەروارەش، لە ساڵی (1973) کۆمپانیای (مۆتۆرۆلا) ئامێرێکی مۆبایلی دروستکرد کێشەکەی یەك کیلۆگرام بوو، بۆ هەر جارێك بارگاویکردنەوەی پێویستی بە (10) کاتژمێر هەبوو. دواتر کۆمپانیاکە لە ساڵی (1983) پەرەی بە کۆپی یەکەمدا و بە نرخی (4000) دۆلار فرۆشرا، لە ساڵی (1990) کۆمپانیای (نۆکیا) شۆڕشێکی گەورەی لە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایلدا بەرپاکرد و جوانکاری لە ڕواڵەتیدا کرد و کێش و نرخەکەی کەمکردەوە، توانای پاتری زیادکرد و ماوەی بارگاویکردنەکەشی کەمکردەوە. (الرحباني، 2012، ص.94-95)
هەر لەو ساڵەدا ژمارەی بەکارهێنەرانی مۆبایل گەیشتە (293) ملیۆن کەس لە سەرتاسەری جیهاندا، کاتێکیش کۆمپانیای (سامسونگ) وەکو ڕکابەرێکی (نۆکیا) هاتە گۆڕەپانەکە،پیشەسازی مۆبایل چووە قۆناغێکی دیکەوە و لە ساڵی (2002) یەکەم مۆبایلی شاشە ڕەنگاوڕەنگ لەلایەن سامسونگەوە بەرهەمهێنرا، لە ساڵی (2007)یش دوای ئەوەی خواست لەسەر ئەو ئامێرە زۆر زیادی کرد، ستیف جۆبز، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەپڵ کۆتایهێنا بە سەردەمی مۆبایلی ئاسایی و لە دایکبوونی سەردەمی مۆبایلە زیرەکەکانی ڕاگەیاند، کە توانای بە گەرخستنی چەندین بەرنامەی هەبوو، جگە لەوەی دەبەسترایەوە بە هێڵی ئینتەرنێت و بەخێراییش کاری دەکرد. (Richter, 2017)

**b.نەوەکانی مۆبایل**

پێشکەوتنی پیشەسازیی مۆبایل بە چەندین وێستگە گوزەری کردووە، لێرەدا گرنگترین ئەو وێستگانە دەخەینەڕوو **(HunukumbureK & Others, 2022, P.8)**(رضوان، 2016، ص.80):

1-نەوەی یەکەم: لە ساڵی (1982) یەکەم مۆبایل بەرهەمهات، کە پشتی بەستبوو بە پەیوەندییکردنی ئەنەلۆك، واتە بە تەنها گواستنەوەی لەرەلەرەکانی دەنگ، هاوشێوەی پەیوەندییەکانی تەلەفزیۆن و تەلەفۆن.

2-نەوەی دووەم: لە ساڵی (1994) وێستگەی دووەمی مۆبایل بوو، کە لەسەر بنەمای ژمارەیی کاری دەکرد و ڕێگەی دەدا بە ناردنی نامەی نووسراو (SMS) و نامەی وێنەدار (MMS)، لەم قۆناغەدا سەرەتای بە کۆدکردنی داتاکان بوو.

3-نەوەی سێیەم: لە ساڵی (1999) بەرهەمهات و توانا و خێراییەکی زیاتری هەبوو بە بەراورد لەگەڵ دوو نەوەکەی پێش خۆی، ئەو مۆبایلە خێراییەکی زۆری هەبوو لە ناردنی نامە و ئەنجامدانی پەیوەندیی و بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سەیرکردنی لاپەڕەکانی وێب کە دەگەیشتە (40 مێگابایت) لە چرکەیەکدا.

4-نەوەی چوارەم: لە ساڵی (2010) توانای مۆبایلە بەرهەمهاتووەکان چەندین هێندەی جاران زیادی کرد و بەکارهێنەر دەیتوانی ڤیدیۆ و فایلی جۆراوجۆر بە خێراییەکی زۆر لە ئینتەرنێت دابنێت یان دایبگرێت، کە دەگەیشتە (50 مێگابایت) لە چرکەیەکدا.

5-نەوەی پێنجەم: سەرەتای ساڵی (2020) ئەو مۆبایلانەی بەرهەمهێنران توانای دانان و داگرتنی ڤیدیۆی سێ ڕەهەندییان هەبوو، سەدان ئامێری مۆبایلی لەیەککاتدا بەیەکەوە دەبەست و خێرایی گواستنەوەی داتا بوو بە (یەك گیگابایت) لە چرکەیەکدا.

تایبەتمەندییەکانی مۆبایل

مۆبایل بە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دەناسرێتەوە، لەوانە(Jung, 2019):

1– بەردەستبوونی لە هەموو کات و شوێنێکدا.

2– توانی پەیوەندییکردنی ڤیدیۆیی دەڕەخسێنێت.

3– کات و کۆشش و تێچووی ئەنجامدانی هەندێ کار و چالاکی رۆژانە کەمدەکاتەوە.

4– یارمەتیدەرە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی بەرنامەکانی چاتکردن.

فراوانبوونی خێرای بەکارهێنانی مۆبایل و تابلێت کاریگەری هەبووە لەسەر گۆڕانی شێوازی بەکارهێنان و بەدواداچونی هەواڵ، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر لە 50%ی ئەوانەی لەسەروو (18)ساڵیدان مۆبایل یان تابلێتیان هەیە، لە (66%)ی ئەو رێژەیەش لەو ڕێگەیەوە بەدوای هەواڵەکاندا دەچن، نەك هەر ئەوە، بەڵکو لەوەتەی مۆبایل بەکاردەهێنن، رێژەی بەکارهێنانیان بۆ هەواڵ زیاتر بووە (Phillips, A. 2015, p.102)، ئەمەش وایکردوە ڕاگەیاندن بە گشتی و دامەزراوەکانی هەواڵ بە تایبەتی لە ئێستادا کاربکەن لەسەر خۆگونجاندن و سوودوەرگرتن لە گۆڕانکاریی و دەرهاوێشتەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆژیای مۆبایل، لەبەرئەوە پرسیاری هەرە گرنگ ئەوە نییە کە ئایا رۆژنامەنووسان دەتوانن خۆیان لەگەڵ تەکنەلۆژیای مۆبایل بگونجێنن یان نا؟ بەڵکو ئەوەیە تاچەند خۆگونجاندنیان لەگەڵ مۆبایل باوەڕیان پێدەهێنێت بەوەی پێویستە بەردەوام پێشبینی هاتنی ئامرازی دیکەی نوێ بکەن تا لە ئامادەباشیدابن بۆ خۆگونجاندن و بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکە هەواڵییەکان بە شێواز و رێگەی نوێ؟. (Anderson & others, 2016, p.138).

ئەو ڕاستیەی کە خەڵك زۆربەی کات مۆبایلەکانیان لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، یارمەتیان دەدات بە درێژایی ئەو رۆژە چەندین جار لەو ڕێگەیەوە بەدوای هەواڵ و زانیاری نوێدا بگەڕێن، هەندێجار مۆبایلەکەی بەکاردەهێنێت بێئەوەی مەبەستێکی دیاریکراوی هەبێت یاخود بە ئاگاییەوە ئەو رەفتارەی ئەنجام دابێت. (Molyneux, 2015, p.4).

ئاسانی هەڵگرتن و بەکارهێنانی مۆبایل، بێشوماریی ئەو خزمەتگوزاریی و بژاردانەی دەیخاتە بەردەست بەکارهێنەر، وایکردوە ببێتە ئامرازێکی سەرنجڕاکێش بۆ زۆرێك لە جەماوەری ڕاگەیاندن، زێدەباری بەکارهێنانی بۆ پەیوەندییکردن، خوێندنەوەی کتێب، سەیرکردنی فیلم، بازاڕکردن، بەبازاڕکردن و گرتنی هوتێل ...هتد، لە مۆبایلەوە دەکرێ رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بخوێنیتەوە و گوێ لە ڕادیۆ بگری و سەیری پەخشی ڕاستەوخۆی هەواڵەکان بکەیت.(Katz, 2008, p.225)

نەك هەر جەماوەر، بەڵکو رۆژنامەنووسانیش خەریکە خۆیان لەگەڵ هەژموون و تایبەتمەندییەکانی مۆبایل دەگونجێنن، لە ئێستادا بەشێك لە پەیامنێران مۆبایل بەکاردەهێنن بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەشێك لە هەواڵ و کارە رۆژنامەنووسییەکانی دیکەیان، هەر لە ڕێگەی مۆبایلەوە هەوڵدەدەن بگەن بە زۆرترین جەماوەر و ئاگاداریان بکەنەوە بەو هەواڵ و ڕاپۆرتانەی بریارە بڵاویبکەنەوە، لە هەمانکاتیشدا سوود لە تایبەتمەندی ڕاگەیاندنی نوێ وەربگرن بۆ وەرگرتنی فیدباکی جەماوەر لە هەمبەر ئەو کارانەیاندا یاخود وەرگرتنی ئەو پرسیار و سەرنجانەی خەڵك هەیانە لەبارەی پرس و بابەتە گشتییەکان. (Adornato, 2021, P.17)

### 3- لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە

**تەوەری یەکەم: ناساندنی نموونەی توێژینەوەکە**

1- ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (1): ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە :**

| ڕەگەز | دووبارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 323 | 43.1 |
| مێ | 427 | 56.9 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

لەم خشتەیەدا ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، ڕەگەزی نێر زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت بەرێژەی (56.9%) و ڕەگەزی مێ لە پلەی دووەم دێت بەرێژەی (43.1%).

2- ): **تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (2): تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە:**

| تەمەن | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| 18-22 ساڵ | 406 | 54.1 | 1 |
| 23-26 ساڵ | 177 | 23.6 | 2 |
| 27-31 ساڵ | 99 | 13.2 | 3 |
| 32-35 ساڵ | 63 | 9.1 | 4 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (18 بۆ 22) ساڵدایە و لە پلەی یەکەم دێت بەرێژەی (54.1%)، لە پلەی دووەم ئەوانە دێن تەمەنیان لە نێوان (23 بۆ 26) ساڵدایە بەرێژەی (23.6%)، لە پلەی سێیەم

ئەو گەنجانە دێن کە تەمەنیان لەنێوان (27 بۆ 31) ساڵیدایە بە ڕێژەی (13.2%) و لە دوا پلەش ئەوانە دێن تەمەنیان لە نێوان (32 بۆ 35) ساڵیدایە بەڕێژەی (7.9%). دابەشبوونی تەمەنی نموونەی توێژینەوە بەسەر تەمەنە جیاوازەکانی سەرەوە، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی گەنجانی خوێندنی ئێواران و پاڕالێل، زۆربەیان دوای دابڕانێکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ تەواوکردنی خوێندن لە زانکۆدا.

**3- پیشەی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (3): پیشەی نموونەی توێژینەوەکە:**

| پیشە | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فێرخواز | 416 | 55.5 | 1 |
| کاسب | 108 | 14.4 | 3 |
| فەرمانبەر | 53 | 7.1 | 5 |
| مامۆستا | 68 | 8.1 | 4 |
| بێکار | 111 | 14.8 | 2 |
| کۆی گشتی | | | |

ئەم خشتەیەدا پیشەی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، زۆرترین ئەوانەی وەڵامی فۆرمی ڕاپرسییەکەیان داوەتەوە قوتابین بەڕێژەی (55.5%) لە پلەی یەکەم دێن، بەڕێژەی (14.8%) لە پلەی دووەم ئەو گەنجانە دێن کە بێکارن، لە پلەی سێیەم و بەجیاوازییەکی کەم ئەوانە دێن کە کار دەکەن، لە پلەی چوارەم ئەوانە دێن پیشەیان مامۆستایە بەڕێژەی (8.1%) و لە دوا پلەش ئەوانە دێن کە فەرمانبەرن بەڕێژەی (7.1%).

**4- شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (4): شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندن | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ناوشار | 422 | 56.3 | 1 |
| قەزا | 75 | 10 | 4 |
| ناحیە | 148 | 19.7 | 2 |
| گوند | 105 | 14 | 3 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوە دەردەکەوێت، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە دانیشتووی ناو شاری هەولێرن بەڕێژەی (56.3%) لە پلەی یەکەم دێت، لە پلەی دووەم بەڕێژەی (19.7%) ئەوانە دێن کە دانیشتووی ناحیەکانی هەولێرن، لە پلەی سێیەمیش ئەوانە دێن کە دانیشتووی گوندەکانی هەولێرن بەڕێژەی (14%)، لە دوا پلەش ئەوانە دێن کە دانیشتووی قەزاکانن بەڕێژەی (10%).

تەوەری دووەم: ڕادەی پشتبەستن بە مۆبایلی زیرەك بۆ دەستڕاگەیشتنی نموونەی توێژینەوە بە ناوەڕۆك و فۆرمەکانی میدیای نوێ

**5- خاوەندارێتی نموونەی توێژینەوەکە بۆ مۆبایل**

**خشتەی (5): خاوەندارێتی نموونەی توێژینەوەکە بۆ مۆبایل**

| وەڵام | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 750 | 100 |
| نەخێر | 0 | |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کۆی نموونەی توێژینەوەکە ئامێری مۆبایلی زیرەکیان نەهە، ئەمەش ڕادەی بایەخ و گرنگی مۆبایلی زیرەك دەردەخات لە ژیانی تاك بە گشتی و نموونەی توێژینەوەکە بە تایبەتی.

5– نموونەی توێژینەوە چەند مۆبایلی زیرەکی هەیە؟

**خشتەی (6): ژمارەی مۆبایلی نموونەی توێژینەوەکە:**

| وەڵام | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| یەك | 501 | 66.8 | 1 |
| دوو | 217 | 28.9 | 2 |
| سێ | 28 | 3.2 | 3 |
| زیاتر لە سێ | 8 | 1.1 | 4 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

ئەوەی لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ئەوەیە نموونەی توێژینەوەکە چەند ئامێری مۆبایلی زیرەکی هەیە، ئەگەر بە سەرنجدان لە ئەنجامەکان دەبینرێ نزیکەی (33.2%) کۆی نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە ئامێرێکیان هەیە.

**6– تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی مۆبایل لای نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (7): تێکڕای بەکارهێنانی ڕۆژانەی مۆبایل لای نموونەی توێژینەوەکە**

| تێکڕا | دووبارە | % | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە یەك کاتژمێر | 41 | 5.5 | 6 |
| لە کاتژمێرێك بۆ سێ کاتژمێر | 172 | 22.9 | 2 |
| لە سێ کاتژمێر بۆ شەش کاتژمێر | 163 | 21.7 | 3 |
| لە شەش کاتژمێر بۆ نۆ کاتژمێر | 72 | 9.6 | 4 |
| زیاتر لە نۆ کاتژمێر | 53 | 7.1 | 5 |
| بەگوێرەی پێویست بەکاریدێنم | 492 | 33.2 | 1 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا چەند ئەنجامێکی گرنگ خراوەتەڕوو سەبارەت بە ڕادەی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك، لەوانە زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوەکە دەڵێن بەگوێرەی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو مۆبایلی زیرەك بەکاردێنن، زیاتر لە سێیەکی نموونەی توێژینەوەکە زیاتر لە سێ کاتژمێر مۆبایل بەکاردێنن، کە بەشێك لەوان شەش بۆ نۆ کاتژمێر و بگرە زیاتر مۆبایل بەکاردێنن، ئەم ڕێژانە ئاماژەیەکی روونن بۆ ڕادەی ئالودەبوون بەو ئامێرە لەلایەن گەنجانەوە.

8- **ئامانجی نموونەی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی مۆبایل**

**خشتەی (8): ئامانجی نموونەی توێژینەوەکە لە بەکارهێنانی مۆبایل**

| مەبەست | دووبارە | % | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| بۆ پەیوەندییکردن بە کەسانی دیکە | 459 | 61.2 | 1 |
| بۆ خۆشی و کات بەسەربردن (بۆ نمونە یار... | 318 | 42.4 | 3 |
| بۆ دەستخستنی هەواڵ و زانیاری | 376 | 50.1 | 2 |
| بۆ بازاڕکردن و شت کڕین | 77 | 10.3 | 5 |
| گەشتکردن و ئوتێل گرتن | 7 | 0.9 | 6 |
| لە کار و پیشەکەمدا سوودی لێوەردەگرم | 236 | 31.5 | 4 |
| بۆ بێزارکردن و گێچەڵ کردن بە خەڵك | 3 | 0.4 | 7 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەك لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە، زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم و بەرێژەی (61.2%) و (459) دووبارە دەڵێن مۆبایل بۆ پەیوەندییکردن بە کەسانی دیکە بەکاردێنن، لە پلەی دووەم نموونەی توێژینەوەکە مۆبایل بۆ دەستخستنی هەواڵ و زانیاریی بەکاردێنن بەرێژەی (50.1%) و دووبارەی (376)، دواتر ئەوانە دێن کە بۆ خۆشی و کات بەسەربردن بەکاری دێنن بەرێژەی (42.4%) و دووبارەی (318)، بەرێژەرەکی نزیك لەوە نموونەی توێژینەوەکە مۆبایل بۆ ڕاییکردنی پێداویستییەکانی کار و پیشەکەیان بەکاردێنن.
بەرێژەیەکی زۆر سنوورداریش نموونەی توێژینەوەکە مۆبایل بۆ گەشتکردن و ئوتێل گرتن یانیش بێزارکردنی خەڵك بەکاردێنن.

لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە زیاتر لە دوو لەسەر سێی نموونەی توێژینەوە مۆبایلەکەیان بەردەوام بەستراوەتەوە بە ئینتەرنێت و ئەوانەشی بەشێوەی پچڕپچڕ مۆبایلەکەیان بە ئینتەرنێت بەستراوەتەوە لە پلەی دووەم دێن بەرێژەی (19.3)، تەنها لە (4%)ی نموونەی توێژینەوکەە هیچ کات لە ڕێگەی مۆبایلەکەیەوە ئینتەرنێت بەکارناهێنێت.

9- **ئامانجی گەنج لە بەکارهێنانی مۆبایل لە روانگەی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (9): ئامانجی گەنج لە بەکارهێنانی مۆبایل لە روانگەی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئامانج | دووبارە | % | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| خۆ ڕۆشنبیرکردن | 128 | 17.1 | 2 |
| کات کوشتن و خۆدزینەوە لە کێشەکان | 583 | 77.7 | 1 |
| بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی | 111 | 14.8 | 3 |
| پێشێلکردنی مافی تایبەتمەندیی کەسانی دیکە | 72 | 9.6 | 4 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

خشتەی سەرەوە بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە پیشان دەدات سەبارەت بەوەی ئایا گەنجان زیاتر مۆبایل بۆ چ مەبەستێك بەکاردێنن، لە (77.7%)ی نموونەی توێژینەوە پێیانوایە خەڵك زیاتر مۆبایل بۆ کات کوشتن و خۆدزینەوە لە کێشەکان بەکاردێنن، مەبەستی دووەمی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن خەڵکەوە خۆ ڕۆشنبیرکردنە بە بۆچوونی (17.1%)ی نموونەی توێژینەوە، سێیەم مەبەست لە بەکارهێنانی خەڵك پەیوەستە بە بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی (14.8%)ی نموونەی توێژینەوە، بەرێژەی (9.5%)ی نموونەی توێژینەوەکەش پێیانوایە مۆبایل زیاتر بۆ پێشێلکردنی تایبەتمەندیی کەسانی دیکە بەکاردێت.

10- **ڕادەی خوگرتنی نموونەی توێژینەوەکە بە بەکارهێنانی مۆبایڵ**

**خشتەی (10): ڕادەی خوگرتن لە بەکارهێنانی مۆبایل**

| وەڵام | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 237 | 30.6 |
| نەخێر | 350 | 45.7 |
| نازانم | 163 | 21.7 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

**11- هەستی نموونەی توێژینەوەکە کاتێك مۆبایلی لانیە**

**خشتەی (11): هەستی نموونەی توێژینەوەکە کاتێك مۆبایلی لانیە**

| وەڵام | دووبارە | % |
|---|---|---|
| ئاسودەترم کە لام نیە | 257 | 34.3 |
| هەست بەنیگەرانی دەکەم | 259 | 34.5 |
| بەبێ مۆبایل ناتوانم | 234 | 31.2 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

لەم خشتەیەدا ڕادەی وابەستەبوونی دەروونیی نموونەی توێژینەوەکە بە مۆبایلەوە دەخاتەڕوو، لە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە بەبێ مۆبایل هەست بە نیگەرانی دەکەن بەرێژەی (34.5%)، لە پلەی دووەم ئەوانە دێن کە هەست بە ئاسودەییەکی زیاتر دەکەن کاتێك مۆبایلەکەیان لا نییە بەرێژەی (34.3%)، لە پلەی سێیەم و بەرێژەی (31.2%) ئەوانە دێن کە لە ئاستێکی بەرزی وابەستەبوونی دەروونیدان بە مۆبایل و بەبێ مۆبایل هەڵناکەن.

12-بەکارهێنانی فۆرمەکانی میدیای نوێ لەلایەن نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (12): نموونەی توێژینەوەکە لە مۆبایلەکەی زیاتر چ فۆرمێکی میدیای نوێ بەکاردێنێت؟**

| وەڵام | دووبارە | % | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | 573 | 76.4 | 1 |
| بەرنامەکانی گفتوگۆکردن | 266 | 35.5 | 2 |
| سەردانی ماڵپەڕەکان لەڕێگەی برۆسەری گووگڵ کرۆم و هاوشێوەکانی | 180 | 24 | 4 |
| سەیرکردنی فیلم | 169 | 22.5 | 6 |
| گوێگرتن لە میوزیك و گۆرانی | 234 | 31.2 | 3 |
| یاری | 193 | 25.7 | 5 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا ئاستی بەکارهێنانی ئەو فۆرمانەی میدیای نوێ پیشان دەدات کە مۆبایل بەردەستی دەخات، لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (76.4%) نموونەی توێژینەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنێت، لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی (35.5%) ئەپلیکەیشنی چاتکردن بەکاردێنن، لە پلەی سێیەمدا گوێگرتن لە میوزیك و گۆرانی دێت بە ڕێژەی (31.2%)، لە پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەمدا یاری ئەلیکترۆنی، سەردانی ماڵپەڕەکان لەڕێگەی برۆسەرەکان و سەیرکردنی فیلم دێت بە ڕێژەکانی (25.7%) و (24%) و (22.5%) بە دوای یەك.

**15- بێ ئینتەرنێت ئەوەندە سەرقاڵی مۆبایل دەبیت؟**

**13- ئەو مەڵتیمیدیایەی نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریدێنێت لە مۆبایل**

**خشتەی (13): ئەو مەڵتیمیدیایەی نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریدێنێت لە مۆبایل**

| جۆر | دووبارە | % | ڕیکخستن |
|---|---|---|---|
| ڤیدیۆ | 422 | 56.3 | 1 |
| وێنە | 326 | 43.5 | 2 |
| دەنگ | 94 | 12.5 | 5 |
| یارییەکان | 139 | 18.5 | 4 |
| ئەپلیکەشنەکان | 173 | 23.1 | 3 |
| گی پی ئێس | 51 | 6.8 | 1 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت ڤیدیۆ و وێنە دوو ڕەگەزی سەرەکی مەڵتی میدیان، کە سەرنجی نموونەی توێژینەوە ڕادەکێشن لە پلەی یەکەم و دووەم بەدوای یەکدا بەرێژەی (56.3%) و (43.5%)، لە پلەی سێیەم بەرێژەی (23.1%) و دووبارەی (173) ئەپڵیکەشنەکان مایەی ڕاکێشانی سەرنجی نموونەی توێژینەوەن، لە پلەی چوارەمیش یارییەکان جێگەی سەرنجی نموونەی توێژینەوەن بەرێژەی (18.5%) و دووبارەی (139)، لە پلەی پێنجەم دەنگ و لە پلەی شەشەمیش (GPS) بوونەتە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی (12.5%) و (6.8%) لە دوای یەك.

**14- مۆبایلی نموونەی توێژینەوە بەستراوەنەتەوە بە ئینتەرنێت؟**

**خشتەی (14): مۆبایلی نموونەی توێژینەوە بەستراونەتەوە بە**

**ئینتەرنێت؟**

| وەڵام | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 575 | 76.7 |
| نەخێر | 30 | 4 |
| هەندێجار | 145 | 19.3 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت نزیکەی سێیەکی نموونەی توێژینەوەکە دان بەوەدا دەنێن کە خوویان بە هەڵگرتن و بەکارهێنانی مۆبایل گرتووە، لە بەرانبەردا نزیکەی نیوەی نموونەی توێژینەوەکە ڕەتیدەکەنەوە خوویان بە بەکارهێنانی مۆبایلەوە گرتبێت، لە پلەی سێیەم ئەوانە دێن کە نازانن بەکارهێنانیان بۆ مۆبایل گەیشتۆتە ڕادەی خووگرتن و وابەستەبوونی نائاسایی بە مۆبایل یان نا بەرێژەی (21.7%).

**خشتەی (15): بێ ئینتەرنێت ئەوەندە سەرقاڵی مۆبایل دەبیت؟**

| وەڵام | دووبارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 67 | 8.9 |
| نەخێر | 619 | 82.5 |
| نازانم | 64 | 8.5 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% |

لەم خشتەیەدا زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (82.5%) دەریدەخەن ئەگەر مۆبایلەکەیان بە ئینتەرنێت نەبەسترابێتەوە زۆر پێوەی سەرقاڵ نابن و بەکاری ناهێنن، لە پلەی دووەم ئەوانە دێن کە دەڵێن ئەگەر مۆبایلەکەیان بە ئینتەرنێتیش نەبەسترابێتەوە بەکاریدێنن و پێوەی سەرقاڵ دەبن، لە پلەی سێیەم ئەوانە دێن کە نازانن بەبێ ئینتەرنێت چەندە وابەستەی مۆبایلەکەیان دەبن بەرێژەی (8.5%).

16- **بوارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لای نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (16): بوارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لای نموونەی توێژینەوەکە**

| بوار | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فێربوونی زمان | 269 | 35.9 | 2 |
| تەندروستی | 194 | 25.9 | 5 |
| ئایینی | 277 | 36.9 | 1 |
| وەرزشی | 175 | 23.3 | 8 |
| پیشە و پسپۆرییەکەم | 214 | 28.5 | 3 |
| مۆدە و ستایل | 185 | 24.7 | 7 |
| یاریی ئەلیکترۆنی | 204 | 27.2 | 4 |
| فیلم | 181 | 24.1 | 6 |
| ئامادەکردنی خواردن | 132 | 17.6 | 9 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا بوارەکانی بایەخپێدانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، لە کاتی بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکان لە مۆبایلەکەیدا، ئەپلیکەشنی تایبەت بە بابەتی ئایینی و فێربوونی زمان و بابەتی پەیوەست بە پیشە و پسپۆڕی لە سێ پلەی پێشەوەن لە بەکارهێنانەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەکانی (36.9%) و (35.9%) و (28.5%) بە دوای یەك، لە پلەی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەفتەمدا ئەپلیکەیشنەکانی تایبەت بە یارییە ئەلیکترۆنییەکان و هۆشیاریی تەندروستی و فیلم و بابەتی وەرزشی دێن بەرێژەکانی (27.2%) و (25.9%) و (24.1%) و (23.3%) بە دوای یەك، ئەپلیکەیشنی تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن لە پلەی هەشتەم و کۆتایی دێت بەرێژەی (17.6%).

17- **ئەو پلاتفۆرمانەی سۆشیاڵ میدیا نموونەی توێژینەوەکە بەکاریاندەهێنێت**

**خشتەی (17): ئەو پلاتفۆرمانەی سۆشیاڵ میدیا نموونەی توێژینەوەکە بەکاریاندەهێنێت لە مۆبایل**

| پلاتفۆرم | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەیسبووك | 542 | 72.3 | 1 |
| ئێکس | 48 | 6.5 | 5 |
| سناپچات | 333 | 44.4 | 3 |
| ئینستاگرام | 408 | 54.4 | 2 |
| لینکدین | 24 | 3.2 | 6 |
| یوتیوب | 250 | 33.3 | 4 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

خشتەی سەرەوە ئەو تورە کۆمەڵایەتییانە پیشان دەدات کە نموونەی توێژینەوەکە زیاتر بەکاریدێنن، وەکو دەردەکەوێت لە وەڵامی نموونەی توێژینەوە، هەریەکە لە فەیسبووك، ئینستاگرام، سناپچات و یوتیوب زۆرترین بەکارهێنەریان هەیە لە پلەی یەکەم تا چوارەم بەرێژەکانی (72.3%) و (54.4%) و (44.4%) و (33.3%) بە دوای یەك. کەمترین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانەش نموونەی توێژینەوەکە بەکاریان دێنن بریتیین لە تویتەر و لینکیدین بەرێژەکانی (6.5%) و (3.2%) بەدوای یەك.

18- **ئەو بەرنامانەی گفتوگۆکردن کە نموونەی توێژینەوەکە بەکاریاندێنێت**

**خشتەی (18): ئەو بەرنامانەی گفتوگۆکردن کە نموونەی توێژینەوەکە بەکاریاندێنێت لە مۆبایل**

| بەرنامە | دووبارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| ماسێنجەر | 670 | 89.3 | 1 |
| واتسئاپ | 109 | 14.5 | 3 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤايبەر | 332 | 44.3 | 2 |
| ئیمۆ | 26 | 3.5 | 5 |
| سکایپ | 7 | 0.9 | 6 |
| گووگڵ دیو | 25 | 3.3 | 4 |
| کۆی گشتی | 750 | 100% | |

لەم خشتەیەدا ڕادەی بەکارهێنانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو بۆ بەرنامەکانی گفتوگۆکردن، ئەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ماسنجەر و ڤایبەر زیاتر لەلایەن نموونەی توێژینەوە بەکاردێن بۆ بۆ پەیوەندییکردن و نامەگۆڕینەوە، بەرێژەکانی (89.3%) و (44.3%) بە دوای یەك، لە پلەی سێیەم بەرێژەیەکی کەمتر نموونەی توێژینەوە پشت بە واتسئاپ دەبەستن بۆ پەیوەندییکردن بەرێژەی (14.5%)، لە بەرانبەردا نموونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی کەم و سنووردار ئیمۆ، گووگڵ دیو و سکایپ بەکاردێن.

دەرەنجامەکان:

1- بەهۆی کارایی و گونجاوی مۆبایلی زیرەك بۆ ئەنجامدانی کار و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی رۆژانە؛ گەنجانی شاری هەولێر بەشێوەیەکی بەرفرەوان پشتی پێدەبەستن.

2- خێرایی گەیشتن و کارلێککردن لەگەڵ ناوەڕۆك و فۆرمە هەمەچەشنەکانی میدیای نوێ لەڕێگەوە مۆبایلەوە، وایکردوە ببێتە ئامرازی سەرەکی لای گەنجانی شاری هەولێر بۆ دەستڕاگەیشتن بەو ناوەڕۆك و فۆرمانە.

3- گەنجانی شاری هەولێر چ بەهۆی بەرزی تێکرای بەکارهێنان یاخود بەهۆی وابەستەبوونی نائاسایی بە مۆبایلی زیرەکەوە، دەکرێ وەك ئاماژەیەکی روونی ئاڵودەبوون بە مۆبایل لە قەڵەم بدرێت.

4- سوودوەرگرتنگرنگیپێدانەکانی گەنجانی شاری هەولێر لە مۆبایل لە ئاستێکی باشدایە، بەوپێیەی ناوەڕۆك و فۆرمە جیاوازەکانی میدیای نوێ بەرێژەی جیاواز بەکارهێنراون.

5- بەکارهێنانی گەنجانی شاری هەولێر بۆ پێگەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە و تایبەتمەندی خۆی وەرگرتوە، بەجۆرێك هەندێ لەو پێگانە سەرباری بەرزی رێژەی بەکارهێنەرانیان لەسەر ئاستی دونیا، بەڵام لای گەنجانی هەولێر زۆر بە کەمی بەکاریاندێنێت وەك پێتۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس و لینکیدین.

6- ناهاوسەنگییەکی بەرچاو هەیە لە بەکارهێنانی ناوەڕۆکی میدیای نوێ لای گەنجانی شاری هەولێر لەڕێگەی مۆبایلی زیرەکەوە، بەتایبەتی زیادەڕۆییکردن لە بەکارهێنانی مۆبایل بۆ کات بەسەربردن.

سەرچاوەکان

1- حجاب، محمد منير (2010) نظريات الأتصال ،ط1، دار الفجر للنشرو التوزيع ،القاهرة.

2- حسونة، نسرين (2014) الاعلام الجديد المفهوم و الوسائل و الخصائص و الوظائف ، النسخة الألكترونية ، شبكة الألوكة.

3- الخطيب, لطفي(2011) استخدام الإنترنت في الأنشطة الأكاديمية وغير الأكاديمية من وجهة نظر طلبة كلية الطب في جامعة العلوم والتكنولوجيا الأردنية والصعوبات المتعلقة بهذا الاستخدام, مجلة جامعة دمشق – المجلد 27 -العدد الثالث + الرابع.

4- الزرن، جمال (2007) دراسة بعنوان سلطة التدوين، مجلة الشؤون العربية على النت، 31 يوليو، العدد130.

5- سليم، حنان احمد (2016) الحملات الأعلامية عبر الأعلام الجديد ، الطبعة الثانية ، جامعة ملك سعود.

6- شقرة، علي خليل (2010) الأعلام الجديد (شبكات التواصل الأجتماعي) ، ط1، دار اسامة و دار نبلاء ، عمان.

7- شقير، بارعة حمزة (2009) استخدام اساتذة الجامعة دمشق للانترنت و الاشباعات الحققة منها، مجلة جامعة دمشق,العدد الاول +الثاني.

8- صادق، عباس مصطفى (2006) الإعلام الجديد دراسة في تحولاته التكنولوجية وخصائصه العامة ،الأمارات العربية المتحدة.

9- عبدالحميد،.محمد (2006) ،نظريات الأعلام و اتجاهات التأثير،ط3،عالم الكتب للنشر والتوزيع و الطباعة،القاهرة.

10-فلة ,قيدوم(2008-2009) اثر استخدام الانترنات لدى الشباب الجامعي على وسائل الإعلام التقليدية,رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة الجزائر بن يوسف بن خده-كلية العلوم السياسية والإعلام-قسم علوم الإعلام والاتصال.

11-الفيصل، عبدالأمير (2014) دراسات في الأعلام الألكتروني ، ط1 ، دار الكتاب الجامعي ، الأمارات العربية المتحدة.

12-مكاوي، حسن عماد. السيد، و ليلى خسين (2006) الأتصال و نظرياته المعاصرة ،ط6،الدار المصرية اللبنانية،القاهرة.

13-مەحمود، هەردەوان (2015) میدیای نوێ و کاریگەرییەکانی، چ1، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

14-ئیبراهیم، عەبدولخالق (2014) میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، چ1، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

15-الرحباني، عبير (2012) الأعلام الرقمي (الألكتروني)، الطبعة الأولى، دار أسامة للنشر و التوزيع, عمان.

16-Manovich, L. (2001) The Language of New Media, New York University, New York.

17-Pasadeos, Y. (2010) Advances in Communication and Mass Media Research, Athens Institute for Education and Research.

*18*-Shilpa, J. (2014) New Media Technology In Education - A Genre Of Outreach Learning, *Global Media Journal-Indian Edition, Summer Issue, Vol. 5/No. 1*

19-Watt, K. F. Allan, S. (2013) Journalism: New Challenges, Published by: Centre for Journalism & Communication Research Bournemouth University.

20-Molyneux, L. (2015) *Mobile News Consumption: A habit of snacking*. ResearchGate, pp.1-18.

21-ANDERSON, C. W. DOWNIE, L. and SCHUDSON, M. (2016) *The News Media What Everyone Needs to Know*. Oxford University Press, Oxford.

22-KATZ, J. E. (2008) Handbook of Mobile Communication Studies,
The MIT Press, Cambridge, Massachusetts and London.

23-PHILLIPS, A. (2015) *Journalism in Context Practice and Theory for the Digital Age*, Routledge, London and New York.

24-Adornato, A. (2021) Mobile and Social Media Journalism

25-A Practical Guide for Multimedia Journalism, 2nd Edition, Routledge, London.

26-Frenzel, L,V. (2017). "Media Richness and Message Complexity as Influencers of Social Media Engagement", *Unpublished Master Thesis*, (California State university, Faculty of Communications). Available at https://search. proquest. com/ Proquest Document ID No: 10638462. Visited in March 2023 at 7:30 p.m

27-Ishii, K. Lyons, M. Carr, S. (2019). "Revisiting Media Richness theory for today and future" pp (124-131), Available at *wileyonlineliberary. com/journal/hbe2*
DOI:10. 1002/hbe2. 138

28-Dennis A. R. & Kinny S. T, (1998), "Testing Media Richness Theory in The New Media: The Effects of Cues, Feedback, and Task Equivocality", *Information Systems Research*, Vol (9), No(3), Available at www.researchgate. net/publication/220079704 in 9-6-2020 at 1:30 p.m

29-***HunukumbureK , M. Coon, J. P. Allen, B. Vernon, T. (2022)*** The Technology and Business of Mobile Communications, WILEY & IEEF Press, UK.

30-*Richter, F. (*Feb 20, 2017*)* The Smartphone Platform War Is Ove available from: https://www.statista.com/chart/4112/smartphone-platform-market-share/ *Accessed at 18*-9-2022.

31-*Drah, H.* (January 15, 2022) **30 Surprising Cell Phone Addiction Statistics for 2022, available from:**

https://disturbmenot.co/cell-phone-addiction-statistics/
Accessed at 18-9-2022.

**Abstract**

The aim of this study is to reveal the level of use and reliance of young people in Erbil on new media tools in their daily lives and to rank the types of use of new media Created electronically via Google Forms.

The research community consists of young people in Erbil. The sample was randomly selected and the electronic form was sent to them. The most important findings of the study are that the majority of young people in Erbil use smartphones to communicate with others and obtain news and information.

Keywords: smart phone, dpendency, new media, youth.